# سوود و جوانیی چاویلکەکان لە وەرزی گەرمادا

کەشوهەوای گەرم، دەبێتە مایەی بێزاری و کاریگەرییش لەسەر پێست دروست دەکات، بەتایبەت پێستی روخسار و دەوروبەری چاوەکان، تا چاوەکانت لە وەرزی گەرمادا پارێزراو بن، دەکرێت سوود لە چاویلکەکان وەربگریت، بەتایبەت ئەوانەی بەشێکی زۆری چاوەکان دادپۆشن، تیشکی بەتێنی هەتاو، گەرمای هاوینە، بێزارکەر و کەشێکی دژەجوانییە، چونکە هەرچی کەرەستە و بۆیە و داودەرمانی جوانکاری هەن، بە کاریگەری تیشکی خۆر دەتوێنەوە، تەنانەت هەندێکیان بەرگەی ئەو گەرمایە ناگرن، هەروەها گەرمای ئەو کاتە، دەوروبەری چاوەکانت رەش دەکەن و هەندێ جاریش ئەو گەرمایە دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵەی چاو، ئەوانەش کە چاویان گەورە و گەشە، لەبەر تیشکی هەتاو ناتوانن چاویان هەڵبێنن، تۆی خانمیش ئەگەر دەتەوێ چاوەکانت پارێزراو بن، چاویلکەیەکی مۆدێرن لە چاوەکانت بکە، کە هەم جوانت بکات و هەمیش چاوانت لە گەرما و خۆڵ و تۆز بپارێزێت، دەتوانی چاویلکەیەکی گەورە لە چاو بکەیت، چونکە تەنیا ئەوە چارەسەرە تا چاوەکانت بە ماکیاژە پارێزراو بن، ئەو چاویلکانەی ئێستا باون، زۆربەیان لە رەنگی رەشە، تا لە دوورەوە چاوەکانت دیار و گەورە بەرچاو بکەون، هەندێکی دیکەش لە رەنگی جۆراوجۆرن، بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەوانەی حەز بە چاویلکەی رەنگاورەنگ دەکەن، واباشە کە چاویلکەکە بە پێوانە و شێوازی خۆت بێت و پڕ بە چاوت بێت.









# ئێکسسواری تاجەگوڵی پرچی خانمانی بووک


کچان دەیانەوێت لە ڕۆژی هاوسەری و زەماوەندا بە جوانترین شێوە و وەك شازادەیەك دەربکەون، هەموو هەنگاوێك دەگرنەبەر تا ناسك و جوان بن، ئەو هەنگاوانەش هەڵبژاردنی دەستە جلی بووك و ئێکسسوار و ماکیاژە، ئێکسسوارەکانیش کە بە سەرەکیترین و ناسکترین بەش دادەنرێت، بریتییە لە تاجەسەر، کە یەکێکە لە جوانترین ئێکسسواری پرچ بۆ خانمانی بووك، بەتایبەت ئەگەر قاش و نەخشی سەر تاجەکە جوان و دڵگیر بن، تاجەسەریش هەندێکیان لە ئەڵماسە و هەندێکی دیکەش لاسایی ئەڵماس کراوەتەوە، هەردووانیان سەر و پرچت رازاوە و ناسك دەکەن، هەروەها دەتوانی ئێکسسواری تاجەگوڵ لە پرچت بدەیت، کە بۆ بەستن و ڕێکخستنی پرچت دەبێت و هەروەها دیمەنێکی جوانی هەیە، شێوەی تاجەگوڵیش کە گوڵی سرووشتییە، لەلایەن گوڵداران دروست دەکرێت، تا تەنیا ئەو ڕۆژە بەسەر سەری بووکەوە بێت، هەروەها گوڵی دەستکردیش هەن، کە لە ڕەنگی سپی و ڕەنگی گوڵەباخە، بەشێکی دیکەشیان لە تاجی وردەگوڵە، ئەوەشیان بە ئێکسسواری بچووك و بە بریقەوە دەڕازێتەوە، لەسەر پرچیشتەوە بە بریقە جوانەکانی دەگەشێنەوە. جۆرێکی دیکەی تاج کە بە تاجی شێوەگوڵ ناسراوە، هەموو بەشەکانی ئەو تاج و تەوقەیە، لە شێوەی گوڵ دروست کراوە، تەنانەت ئەو تەڵەداوانەش کە پرچی پێی دەبەسترێن، دوائێکسسواریش بریتییە لە تەوقەی سادە، کە بە سوورتێت ناسراوە، وەك ئێکسسوارێکی شاراوە دادەنرێت، بەتایبەت بۆ ئەوانەیە کە تەسریحەی بەرزیان بۆ پرچیان کردووە، لێرەدا ئەو سوورتێتانە دیار نابێت، بەڵام ئەوەی زیاترە باوە و جوانە، ئێکسسواری تاجەگوڵە.



# قاتە بیجامەی هاوینە بۆ شەوانی گەرمی هاوین

کەشی گەرما پێویستی بە جلی تەنکە، هەمیشە جلی تەنکیش ناسك و سەرنجڕاکێشە، چ جلی ماڵەوە بێت، یان دەرەوە، بەهۆی ئەوەی جلی تەنك جوان لەسەر جەستە دەنیشێت و سەرنجی دەوروبەر ڕادەکێشێت، ماوەیەکە کەشوهەوای کوردستان گەرم بووە، تیشکی هەتاویش هێندە بەهێزە کاتێك خانمان بەر هەتاو بکەون، تووشی چەندین گرفتی پێستی روخسار و تێچکچوونی ماکیاژیان دەبنەوە، ئەی ئەگەر بیانەوێ لەشولاریان لە گەرما بپارێزن، تا هیچ ئارەقە نەکەن، ئەوکاتە دەبێ چی بکەن؟ کاتێك خانمان گەرمایان دەبێ، بێزار دەبن لەوەی جوانییان تێکدەچێ و بۆنیشیان ناخۆش دەبێ، بەتایبەت کاتێك لە ماڵ دەبن، یا لەو کاتەی پشوو دەدەن، ئەگەر خانمێك دەیەوێ هەردەم سەرنجڕاکێش و بەرچاو بێ، پێویستە هەموو کات بۆنێکی خۆش لە خۆی بدات، جلێکی جوانیش لەبەر بکات، کە جێی سەرنج و جوانی بێت، کۆمەڵێك جلی هەمەچەشن هەن، کە خانمان لە ماڵدا لەبەری دەکەن، واچاکە جلێکی جوان و خۆش بێت بۆ لەبەر کردن، چونکە ئەگەر لە کاتی حەسانەوە و پشوودا بیت، جلێکی تەسك و بێزارکەرت لەبەر بێ، ئەوکاتە تام لە پشوو و حەسانەوەکەت ناکەی، بۆ چارەسەری ئەو لایەنە، پسپۆران پێیان باشە کە هەردەم قاتە بیجامەی قوماشی تەنك لە ماڵدا لەبەر بکەن، ئەوانەی بە گوڵ و گوڵزار و نەخشی جۆراوجۆر ڕازاوەتەوە.





# خانووی چاپکراو

لێکۆڵەران و پسپۆڕان لە زانکۆی (ئایینندهۆفن)ی هۆڵەندی، خەریکی بنیادنانی پرۆژیەکن کە لە داهاتوو دەبێتە سەیرترین کاری خانووبەرە و باڵەخانە، ئەو پرۆژەیە لەژێر ناوی (خانووی چاپکراو)دایە.ئەو پرۆژەیە بە جۆرێک گۆڕانکاری لە شۆڕشی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە لە داهاتوودا خانووەکان لە شێوەی چاپکراو و ٣D بن، واتە کاتێك تۆ بتەوێت ماڵەکەت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازیتەوە، دەتوانی خانووەکەشت بگوازیتەوە، تا ئێستا (٥) نموونەی لەم خانووەیان دروستکردووە تا لە داهاتوودا ئەگەر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ببێتە پرۆژەیەکی جیهانی و یارمەتیدەر بێت بۆ لەناوبردنی کێشەی نیشتەجێ و زاڵبوون بەسەر جەنجاڵیی نێو شارەکانی وڵاتانی جیهان.





# شارێک گەشت دەکات

ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت کە چۆن شار بتوانێت گەشت بکات، ئەوەیە ناوی ئەو کەشتییەی کە بە کەشتی (سەربەخۆیی) دەناسرێت، یەکێکە لە گەورەترین کەشتییەکانی جیهان، جێگەی (٥٠) هەزار کەس دەبێتەوە و بەبێ ئەوەی مەترسیشی لەسەر بێت، ئەو کەشتییە دروستکراوی وڵاتی بەریتانیایە، بەرزییەکەی دەگاتە (١٠٦) مەتر و درێژیشی (١٣٧١) مەتر، تێچووی ئەو پرۆژەیە دەگاتە (٧) ملیار دۆلار و هوتێل و مەلەوانگە و گەراجی ئوتۆمبێل و چێشتخانەو مارکێت و مۆڵیشی تێدایە. ئەو کەشتییە گەشتیارییە و ماوە ماوە وڵاتانی جیهان بە نێو ئاوی دەریاکاندا دەبڕێت، لە (٢٥) نهۆم پێکدێت و تەنانەت قوتابخانە و بنکەی تەندروستیشی تێدایە، بۆیە بەو ناوە ناسراوە وەك ئەوەی وڵاتێکی سەربەخۆ بێت.



# زەبەڵاحترین پیاوی سەپاندنی یاسا

پیاوانی پۆلیس پێویستە دەست و بازوویەکی بەهێزیان هەبێت، لە کاتی ڕاوەدوونانی تاوانباران بەهێز بن و قۆڵبەستیان بکەن، بەڵام ئەو پۆلیسە هیندستییانییە، هێندەی (٢) پیاوی ئاسایی دەبێت، ئەو پۆلیسە ناوی (جاکدێت سینگ)ە ، درێژی باڵای دەگاتە (٢١٣) سەنتیمەتر، بە دەستە زەبەڵاحی یاسا ناسراوە، ئەو پۆلیسە لە ویلایەتی (سینگ) لە باکووری هیندستان دەژی، وەك خۆی دەڵێ: شانازی دەکەم کە کەسێکی وام لێدەرچووە، تا بتوانم بە جەستە زەبەڵاحەکەم زیاتر خزمەت بە یاسا بکەم.

کاری ئێستای پۆلیسی هاتوچۆیە، هەروەها جار جاریش وەك پۆلیسێك ڕێگەی پێدراوە ڕێگە لە تاوان بگرێت. کێشی ئەو پیاوە (١٩٠) کیلۆگرامە و تا ئێستا هاوشێوەی خۆی نەبووە، پۆلیسێکی ئەمریکی و کەنەدی هاوشێوەی ئەو هیندستانییەن و درێژی ئەوان (٢) مەترە.



# بورگری گەورە و زەبەڵاح


بورگر یەکێکە لە بەناوبانگترین خواردنە خێراکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە ئێستاشدا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش بۆتە خواردنێکی بەرچاو، قەبارەی بوگر هێندەی ناو لەپی دەستی مرۆڤ دەبێت، کەچی ئەو شێفە بەریتانییە کە ناوی (تاە)ە، بچووکترین بورگری لە (٣) کیلۆگرام کەمتر نییە، تەنانەت بەشێکی زۆری لەفەکانی لە گۆشتی عەلەشیشە و پێکهاتەکانی دیکەی بریتییە لە سەوزە و تەماتە و پیاز و شتی دیکە، نرخی هەر بورگرێکی ئەو شێفە (١٥٠) دۆلار کەمتر نییە، کە بەشی زیاتر لە (١٠) کەس دەکات، واتە لە بری ئەوەی (١٠) لەفە بکڕن، دەتوانن یەکێك لەو لەفانەی ئەو شێفە بکڕن و بەیەکەوە نۆشی بکەن. لە ئێستادا بەردەم شوێنی چێشتخانەکەی بە بەردەوامی جمەیان دێت و داواکاری زۆریش لەسەر لەفە گەورە و زەبەڵاحەکانی هەیە و لە کارە سەیرەکەی سەرکەوتووانە بووە.





## فێلكاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو كچ و كوڕێك وێنەیان گرتووە، تا بە جوانی سەیری وێنەكە نەكەیت، سەری لێدەرناكەیت، هەوڵبدە ڕاست و دروستیی شێوازی وێنە گرتنەكە لە ماوەی (٣٠) چركەدا ئاشكرا بكەیت.




## یەند و وتە


ئیمانوێل كانت، فەیلەسووفی ئەڵمانی، ساڵی(١٧٢٤) لە شاری كۆنیگسبێرگی ئەڵمانیا لەدایكبووە و لە ساڵی (١٨٠٤) كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی خۆ ڕۆشنبیركردنی مرۆڤ دەڵێ: خۆ ڕۆشنبیركردن واتە دەرچوونی مرۆڤ لەو بازنەی خولانەوەیە كە خۆی دوچاری خۆی كردووە و عەقڵی خۆی بەكارنەهێناوە، بەڵكو بە ڕێنمایی كەسانی دیكە كار دەكات.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو وشتر لە بیابانێكدا دیارن، هەڵەیەك لە وێنەكەدا هەیە و هەوڵبدە بزانیت هەڵەكە چۆنە و لە كوێدایە.





## وێنەگرتنی هاوڕێتی

زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی(جوان و وەحشەكە)، یەكێك بوو لە ناودارترین زنجیرە دراماكانی ساڵانی هەشتاكان، كە باسی لە دێوێكی ناشیرین و كچێكی جوان دەكرد كە بەیەكەوە بەند بوون، لەسەر هەمان شێوەی ئەو زنجیرەیە وێنەگرێكی ڕووسی بەناوی (ئۆلگا بارانتیسڤا) هەڵساوە بە وێنەگرتنی كچێك

# بۆ زانین

## هێماكانی ناو داشبۆردی ئوتۆمبێل بناسە (٣)

**هێماكانی سەر داشبۆردی ئۆتۆمبێل زۆرن، هەندێكیان زۆر سادە و ساكارن كە پێویست بە ڕوونكردنەوە ناكات، بۆ نموونە گڵۆپی ئیشارەت یان بەنزین، بەڵام زۆر هێمای دی هەن كە ماناكانیان نازانین، لە بەشی یەكەم و دووەم چەند زانیاریمان خستەڕوو، لەم بەشەشدا زۆربەی ئەو هێمایانە دەخەینەڕوو كە ئاماژە بە بوونی هەڵەیەك لە ئۆتۆمبێلەكەت دەكەن، بزانە هەر هێمایەك ئاماژە بە چی دەدات:**

**٢١-** پەستانی تایە: پەستانی هەوای تایە كەمە.

**٢٢-** لایتی كز، سەكن لایت، یان بلاجیكتۆر كاردەكات.

**٢٣-** گڵۆپی سووتاو: ئاماژەیە بۆ ئەوەی یەكێك لە گڵۆپەكانی ئۆتۆمبێلەكەت سووتاوە.

**٢٤-** یەكێك لە لایتەكان شكاوە.

**٢٥-** گزۆز پێویستی بە پاككردنەوە هەیە: واتە پاشماوەی سووتەمەنی سووتاو بە تەواوەتی فڕێنادراتە دەرەوە و پاك ناكاتەوە، بۆ چاكبوون پێویستە خێرایی زیاد بكرێت بۆ 60 Km/h بۆ ماوەی ١٥ خولەك بۆ پاككردنەوەی، دوای ١٥ خولەكەكە دەبێت هێمای سووتەمەنی كوژابێتەوە، ئەگەر پاش ئەوە نەكوژایەوە ئەوا سەردانی بنكەی خزمەت گوزاری بكە.

**٢٦-** هێمایەكە بۆ بوونی عەرەبانە، كابینە، یان

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەو كارانەی ئازارت دەدەن، هەر خۆت هۆكاری ئەوە بووی كە بۆت دروست بوون. ڕێگەیەكی شیاوت هەڵبژاردووە لە مامەڵەكردنت لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت، كەسێكی زیرەكی، بەڵام بەختت كەمە. لەو كەسانە دوور بكەوە كە كێشەت بۆ دروست دەكەن.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

تا ماوەیەكی دیكە ئەو كێشەیەی ئێستات بەردەوام دەبێت، چونكە كەسی بەرامبەرت نایەوێت لێت تێبگات و تۆش بۆ كاتێكی دیكە فەرامۆشی بكە، ئاساییە لەم كاتەدا تووشی دڵتەنگی بیت، بەهۆی ئەوەی كێشەكانی ئێستات قووڵن، بەڵام بەم زووانە چارەسەر دەبن.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەر كاتێك نیازت وایە كارێك بكەیت، سەرەتا دەبێ بیرۆكەی بۆ دابنێی و پاشان جێبەجێی بكەیت، لە شتێك پەشیمان مەبەوە كە هێشتا نەتكردووە، ئەو كەسەی نیازی تۆی هەیە، دەیەوێ سەرەتا دڵت داگیر بكات، ڕێگەی مەدە تا لە هەستەكانی تێدەگەیت و دەیناسی.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەوەندە متمانەكردن بە كەسانی دیكە، ئەزیەتت دەدات، چونكە متمانەی زۆر دەبێتەوە ناخۆشی بۆت، كەسێك لە نزیكتە، هەردەم دەیەوێ یارمەتیت بدات و هەستێكی بۆت هەیە و ناتوانێت پێت بڵێت، تۆش ماوەیەك لێی نزیك ببەوە، تا لە هەستەكەی بگەیت.


### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

چارەسەری كێشەی خۆت بكە و مەهێڵە كەس لە ڕازەكانت تێبگات، تا ئەو كاتەی دەتەوێ جێبەجێیان بكەیت، ماوەیەكە دوودڵی لە هەر كارێك كە دەتەوێ بیكەیت، ئەو مامەڵەكردنەی خۆت و كەسی نزیكت، بەرەو خراپی دەڕوات و پێویستە چاكتری بكەنەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەر هەنگاوێك دەهاوێژیت، دەبێ ئامانج و مەبەستێكت هەبێت، ئەو كەسەی لە دڵتە ڕەنگە لەو كاتە گونجاو نەبێت تا نزیكی یەكتر بن، پێویستیتان بە كاتە تا زیاتر یەكتر دەناسن و لە ڕاز و هەستی یەكتر تێدەگەن، بە دوای كارێكی تازەی، بەڵام لەم كاتەدا بۆت نابێت.





## نێوان کچ و ورچێک

لەگەڵ ورچێکی زەبەلاح، ئەو وێنەگرە بیرۆکەکەی لەوە بۆ هات کە کچێکی وڵاتەکەی بەناوی (ماریانا) کە لەگەڵ خێزانەکەی ورچێکی کێوییان تا ئێستا بەخێو کردووە، لە ئێستاشدا وەك هاوەڵ و هاوڕێ دێن و دەچن، وێنەکان هێندە سەرنجڕاکێشن وەك ئەوەی بە دەست کێشرابن.



## جیاوازیی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە!



## کاریکاتێر


ئەم کاریکاتێرە باس لە چینی هەژار و دەوڵمەند دەکات، کە کوڕە هەژارێك چاوەکانی باوکی گرتووە، نەوەك سەیری کەسە دەوڵمەندەکە بکات و خەمی پێوە بخوات!

## نوکتە



جارێکیان کوڕێکی قوتابی لە ترسی باوکی بە برای دەڵێت: بڕۆ کارتم بۆ وەربگرەوە، ئەگەر لە دەرسێك کەوتبووم، بڵێ: فلان سەلامی لێت دەکرد، ئەگەر دوو دەرس بوو، بڵێ: فلان و فلان، سەلامیان لێت دەکرد. براکەی چوو کارتەکەی هێناوە و بە دەم پێکەنینەوە گوتی: هەموو خەڵك سەلامی لێت دەکرد!

## ـــــیاریت



ئۆتۆمۆبێل کە ئۆتۆمبێل ڕایدەکێشێت.

٢٧- ئاگاداری دەربارەی دەبڵی ئۆتۆمبێلەکەت.

٢٨- لادان لە سەر هێڵەکانی ناو ڕێگا: واتە لەسەر هێڵەکان دەڕۆی و پێویستە بچیتە ناو هێڵەکان، یان لە هەندێك ئۆتۆمبێل دەتوانی بە شێوەیەك ئۆتۆبێلەکەت ڕێك بخەی کە لەناو هێڵێکان لاتدا لە کاتی بەئاگانەبوون خۆی خۆی ڕێك دەخاتەوە و دەچێتەوە نێوان هێڵەکان.

٢٩- Catalytic Conveter: بەشێکە لە گزۆز، هەڵدەستێت بە گۆڕینی پاشماوەی زیانبەخشی ئۆتۆمۆبێل بۆ پاشماوەیەکی کەمتر زیانبەخش، داگیرسانی ئەم هێمایە واتە زۆر گەرمبوون یان تێکچوونی ئەم بەشە، کە دەبێتە هۆی پەیداکردنی دووکەڵی ڕەش و پیس کە زۆر زیانبەخشە.

٣٠- بیرهێنەرەوەی پشتێنی سەلامەتی: پشتێنەی سەلامتی ببەستە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕووداوێك کە بەسەرت هات، نابێ ئەوەندە خەمی لێ بخۆی، بەڵکو دەرسی لێ وەربگرە، تا لە داهاتوودا دووبارەی نەکەیتەوە، کاتێکی خۆشت لەگەڵ کەسێکی نزیکت بردە سەر و لە یەکدی نزیکتر دەبن، هەر کارێك دەیکەیت، سەرەتا بیری لێ بکەوە و دڵنیابە ئەنجامەکەی باش دەبێت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەوەی دەیەوێ لێت نزیك بێت، دەتوانی بۆ ماوەیەك ڕێگەی بدەیت، بەڵام ئەوەندەش نەیەتە ناو ژیانت کە ژیانت تێکبدات، داهاتووت گەش دەبێت و کەسێك لە نزیکەوە چاودێریت دەکات، ئەو ماوەیە ساتێکی خۆشت بۆ دەهێنێت و لە کارەکانت دوودڵ مەبە و ژیرانە بیر بکەوە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەنجامی ئەوەندە چوونە ناو ژیانی کەسی دیکە، زیانی بۆت هەیە، چونکە کاتێك ئەو هەست دەکات زۆر لێی چوویتە پێش، دەبێتە هۆی گرفت بۆت، هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ئەوەش کاتییە، لەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە ڕاستەوخۆ پێی بڵێ و مەترسە لە داهاتووت چونکە بەرەو باشی دەچێت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ڕازیبوونت لەسەر ئەو شێوازە کارانەی ئێستات، هۆکارێکە بۆ زیاتر شکانی هەست و دروونت، پێویستە لەوە زیاتر کار بکەیت و لە مافی خۆتیش خۆش نەبیت، ئەو ڕێگەیەی هەڵتبژاردووە بۆ چارەسەری کێشەکانت، دروستە و ئەرکی خۆت بە خۆت جێبەجێ بکە و بە کەسی ڕامەسپێرە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

گرنگە بتوانیت تەنیا خۆت بەسەر هەستەکانتدا زاڵ بیت، چونکە ماوەیەکە لەبەر بیرکردنەوە لە داهاتووت، تووشی بێ ئومێدی بوویت و ئەوەش سەرەتایەکە بۆ ڕووخانت، هەوڵبدە هەستیتەوە و دیسانەوە کارەکانت بە جددی بکەیت، ڕێگەی داهاتووت گونجاوە لەگەڵ ژیانی تایبەتیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کاتێك بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە، پێویست ناکات ئەوەندە خەمی بۆ بخۆی لەوەی کە ئەو ئاواتەت جێبەجێ نابێت، پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت و ئینجا دەزانی تا چەند کارەکەت دەبێت یان نا، ماوەیەکە هەست بە دوودڵی دەکەیت و ئەوەش کاتییە و دەڕوات، هەمیشە گەشبین بە.